گفتوگۆ

دلاوەر قەرەداغی، شاعیر و وەرگێڕ:

# هەر تێکستێک ریتم و مۆسیقای ناوەکیی خۆی لە هەناویدا هەڵگرتووە

سازدانی: رابەر فاریق



## شاعیرێکی بێدەنگ و هەمیشە پڕ بەرهەم

دلاوەر قەرەداغی یەکێکە لەو شاعیرانەی ئێمە کە بێدەنگە و هەمیشە پڕ بەرهەم بووە، هێمنییەکی سەیر لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەم. واهەست دەکەم لەلای دلاوەر پێوەندییەکی قووڵ هەبێت لە نێوان نووسین و ئارامیدا. منداڵێک بەردەوام لە نێو وشەکانی ئەم نووسەرە دەگرییێت، زمانێکی سفت و بێ گرێ گەمارۆی وشەکانی دەدات. قەت وە بیرمدا نایەت بە خوێندنەوەی شیعر و وەرگێڕدراوەکانی ماندووبوون بەرەوڕووم بووبێتەوە. ئەگەر ئێستە چەند کەسێک هەبن بایەخ بە جوان نووسین بدەن، وەک مام هەژار لە سەروەختێکی زوودا ئیشی بۆ ئەمە کردووە، ئەوا یەکێک لەوانەی ئێستە، "دلاوەر قەرەداغی"یە. لەوەتەی دەگەڵ

شیعر و وەرگێڕانەکانی دلاوەر ئاشنایەتیم هەیە، تا ئاستێکی باش نیکۆس کازانتزاکیس و گوڵی تەرەقیم ناسیون، هاوکاتیش ئەوەم زانیوە کە شیعرییەت لە هەر رستەیەکدا خۆی حەشارداوە کە دەری دەبڕین. لە زۆربەی شیعرەکانی دلاوەردا ریتمێکی خێرا خۆی دەنوێنێ، بەلام ئەمە بۆ وەلامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە، بە راست ناکەوێتەوە. لێرەدا، بە کورتی، بە رستەی کورت کورت، وەلامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

* ئێوە تا ئێستە سێ کتێبی "نیکۆس کازانتزاکیس"تان وەرگێڕاوە، دووانیان رۆمانن، واتە: "مەسیح لە خاچ دەدەنەوە" و "فرانسیسکۆس قەدیسی من"، ئەوی تریش یادەوەرییە، واتە: "راپۆرت بۆ گریکۆ"، هەرسێ کتێبیش بە زوبانێکی سەرنجکێش وەرگێڕدراون، وەک ئەوەی "کورداندراین". لەم روانگەیەوە: بڕواتان بە کورداندنی بەرهەمی "ئەوانی تر"یەوە هەیە؟

– پێموایە بەکارهێنانی زاراوەی کورداندن بۆ پۆشینی بەرگێکی خۆمالی بە بەری بەرهەمێکی دیاریکراودا و بە تایبەتیش بۆ شانۆ گونجاوتر بێت، یاخۆ بۆ سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی نووسینێک بە شێوەیەک کە ناوی کەسایەتی و جێگە و فەزا و تەنانەت رووداویش دەسکاری بکرێن و بکوردێنرێن. ئەوەی من کردوومە ناچێتە خانەی کورداندنەوە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ وەرگێڕانی بەرهەمێک بۆ سەر زمانی کوردی، لە رێی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ریتمی کارە لێوە وەرگێڕدراوەکە و رامان بە دیارییەوە و ژیانکردن لەگەڵیدا. خۆتان دەزانن لە بواری تیۆریدا بیروبۆچوون و رای جیاواز لە بارەی کاری وەرگێڕانەوە هەن و هەر یەکەیان خاوەن پاساو و ئارگیومێنتی خۆیانن. پێموایە گرینگترین شتێک لەو پرۆسەیەدا هەڵگۆزان و دۆزینەوەی هێڵ و پێوەندییەکە کە لە نێوان تێکستە لێوەرگێڕدراو و بۆ وەرگێڕدراوەکەدا هەیە، جگە لە زمانزانین، مەسەلەی کات و لەسەر وەستان و پشوودرێژی و سەلیقە و لە هەموویشی گرینگتر خۆشەویستییەک تا رادەی یەکانگیربوون کە بە تێکستەکەوە گرێمان دەدا، رۆڵی کاریگەر لە هێنانەدی وەرگێڕانێکی جواندا دەبینن.

* ئازاد سوبحی لە دوو دێری شیعرێکدا کە بۆ کۆشیعری "ماڵێک لە ناو زەریا، ماڵێک لە تەنیشت بیابان"ی ئێوە نووسیویەتی، دەڵێ: "لە بەر کورد رێ نییە برۆین، لە بەر کورد رێ هەیە بمرین"، ئەم "رێگەگرتن" و "رێگەکردنەوە"یە چۆن لێکدەدەیتەوە؟ مەبەستم ئەمەیە: ئایا ئەوە "کوردبوون"ی نووسەرە کە بووەتە

بەربەست لە بەردەم شتەکاندا، یاخۆ چی؟

– لە راستیدا ئازاد سوبحی ئەو شیعرەی بۆ کۆشیعری "ماڵێک لە ناو زەریا. ماڵێک لە تەنیشت بیابان" نەنووسیوە، بەڵکو خۆم لەویێم داناوە. شیعرەکە سیازدە ساڵ لەمەوبەر و لە میانەی شەڕی ناوخۆدا بۆ سەفەرێک نووسراوە کە من نەمکرد و لە بری ئەوە بۆ رەو چووم. شیعرەکەم هێند پێ جوان بوو کە کردمە پێشەکی بۆ کتێبەکە. خوێندنەوەی ئەو شیعرەی ئازادم لە لەحزەی خۆیدا کە دنیای ئێمە بە بۆنی شەڕ و بوغز و دووکەڵی باررووت قانگ درابوو، لە رووی روحییەوە پارسەنگی ئەو شکستەی دامەوە و بگرە لە کردنی سەفەرەکەم "ئەگەر کرابا" پێ خۆشتر بوو.

**ئەدەبیات و شانۆ و مۆسیقا و بزاوتی سینەمای ئێمە، تا رادەیەکی زۆر غەدری لە خوێنەر و گوێگر و بینەری ئێمە کردووە و دەکات**

* ئێوە هەم لە شیعر و هەم لە وەرگێڕانیش، خوێنەر دیلی زمان دەکەن، ئایا بەدەر لە زمان، چی تر هەیە تا لە رێگەیەوە بە هەمان شێوە خوێنەر تێکەڵ بکەین بە هێزە ئەفسوونکێش و ناوەکییەکانی دەق؟

– من تا سەر ئێسک بەرامبەر نووسینەکانی خۆم "چ شیعر و چ وەرگێڕان" دڕدۆنگم و پێم وانییە کارێکی ئەوتۆم کردبێ کە شایانی پیاهەڵدان و باس بێت. هەموو هەوڵم و هێندەی دەرەقەت هاتووم بۆ ئەوە بووە کە بەرهەمێکی تا رادەیەک شایستە بە کەمترین خەوشەوە بدەمە خوێنەر. لە راستیدا ئەدەبیات و شانۆ و مۆسیقا و بزاوتی سینەمای ئێمە، تا رادەیەکی زۆر غەدری لە خوێنەر و گوێگر و بینەری ئێمە کردووە و دەکات، بەوەی زۆر کەمن ئەو بەرهەمانەی چ لەسەر ئاستی خوێندنەوە و چ لەسەر ئاستی گوێگرتن و بینین، کاری قووڵ و جدی و هەڵگری چێژێکی ئیستاتیکیی بەرز بن و لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا بن کە خەڵک لە

**کەم نین ئەو دەقە لاواز و کەمخوێن و بێ ئاسۆیانەی کە لای رەخنەی ئێمە بوونەتە بابەت**

ئێـــمـــەی هـەیە. دەبێ ددان بەوەدا بنێین کــە ئێـــمـــە بە گــشـــتی نەک هەر لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خوێنەر و گوێگر و بینەرانماندا نەبووین، بەڵکو لە هەندێک کاتدا ئەو چێژ و سەلیقە پریمیتیڤەشمان کوشتووە، کە هەر کەسێکی ئاسایی خاوەنیەتی و بە کارێکی ئەدەبی و هونەرییەوە گرێی دەدات.

* ئێـوە زۆر دەنووسـن، بەڵام لە پاڵ ئەم "زۆر"ییـەدا هەست بە "بۆر"ی ناکـردرێت لە دەقەکاندا، هۆکاری ئەم زۆرنووسی و جوانییە لە یەک کاتدا، چییە، هاوکات کـامـانـەن ئەو دەقـانـەی دەبن بە کـۆمـەککارتان تا بەردەوام بن لە نووسـینـەوەی جوانییەکاندا؟

– سـوپاسـتـان دەکـەم کـاکـە رابەر کـە ئەو سـەرنجـەم لە بارەی زۆرنووسـیـیـەوە کـە دیاردەیەکی تەندروست نییە، دەدەنێ و بە گرینگی پێدانەوە لێتان وەردەگرم. لە راستیدا من کەمتر هەستم بە زۆرنووسی لە خۆمدا کردووە، بەتایبەتی کە لە ساڵێکدا ئەوپەڕەکەی چوار پێنج شیعر دەنووسم و گەر کاروبار و گوزەرانی ئەم وڵاتەش لێم گەڕێت کتێبێک یان دوو کتێب وەردەگێڕم. بەڵام حەقیقەتێک هەیە ئەوەیش ئەوەیە کە زۆربەی زۆری نووسەران دواجار چەند کارێکی کەم و جوان لە هەموو ئەو نووسینانەیان "بە تایبەتی شیعر" بۆ دەمێنێتەوە کە بە درێژایی ژیانیان دەینووسن. من هەمیشە لەنێو قەڵەقی نووسەربوون و نەبووندا دەژیم، ئەو زۆرنووسـینـەش "ئەگـەر هەبێ" ئەوا دەشێ بە دیوێکیدا هەوڵدانێکی بێهودە بێت بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە دڵنیایی و یەقین.

* ئێـوە یەکێکن لەو نووسـەرانەی کـە ســاڵانێکە لە تاراوگـە دەژین و دەقگەلێکی جیهانیشـتان وەرگێڕاوە. ئایا دەتوانین بڵێین ئێمە وەکو کورد ئەدەبمان هەیە لە تاراوگەدا؟ راڤەتان بۆ دەستەواژەی "ئەدەبی تاراوگە" چۆنە؟

– لە راستیدا لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ناونانێکی وەک "ئەدەبی تاراوگە"دا نیم، گەر مەبەست لە ئەدەبی تاراوگە ئەو نووسینانە بن کە خاوەنەکانیان لە دوور و لە دەرەوەی نیشتمان دەژین، بە تایبەتی لەم نەزمە جیهانگیرییەی ئێستادا کە کەناڵەکانی پێوەندی و زانیاری لەوپەڕی زۆریی و خێراییدان و دنیایان هێندەی گوندێک بچکۆلە کردووەتەوە،. ناکرێ بەهەمان پێودانگەکانی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان چەمکێکی لەو جۆرە بخوێنرێتەوە. دەکرێت هەنووکە لەبری ئەوە، قسە لە ئەدەبێک بکرێت کە لە وڵات و زێدی خۆیشیدا

ئەدەبێکی تاراوگەنشینە و هەڵگری رەهەندگەلی تاراوگەییە و خاوەن روحێکی نامۆ و غەوارەیە. پێم وانییە تەنیا نیشتەجێبوونی نووسەرێک لە جوگرافیایەکی تردا، نووسینەکەی بکاتە ئەدەبێکی تاراوگەیی، ئەگەر خۆی لە ناوەوەڕا بەو روحە دووگیان نەبێت، هەمان روحێک کە دەکرێ لە ئەدەبێکیشدا بدۆزرێتەوە کە لە نیشتمان دەنووسرێت.

* تەوزیفکردنی موزیک لە هەر یەکێک لە کتێبەکانی "ماڵێک لە ناو زەریا، ماڵێک لە تەنیشت بیابان" و "پاییزانە" و "من لە شارێکی زۆر دوورم"دا، جوداوازە، مەبەستم ئەمەیە کە لە یەکەمیاندا موزیک لە هەموو روویەکەوە خۆی نمایش دەکا، لە دووەمیاندا زیاتر لە ناوەوەی دەقدا نیشتەجێ دەبێ، لە سێیەمیشیاندا بە شێوەیەکی بەرفراوانتر موزیکەکە ناوەکیی خۆی پیشانی خوێنەران دەدا. لێرەوە، دەتوانین بڵێین کە ئێوە بەردەوام مومارەسەی جوداوازیتان کردووە. ئەو شێوە جوداوازانەی ئیشکردن، دەرئەنجامی بیرلێکردنەوەیە یاخۆ ئەوە سروشتی دەقەکانن وەها دەخوازن، یان رێڕەوی خۆیان دیاری دەکەن؟

– نازانم ئەو جیاکارییەی ئێوە بۆ ئەو سێ کتێبە چۆنە، بەڵام دەکرێ بڵێم کە هەر تێکستێک ریتم و مۆسیقای ناوەکیی خۆی لە هەناویدا هەڵگرتووە. ئەوە مۆسیقای ناوەکیی شیعرێکی دیاریکراوە کە لە بەرایی ئیشکردن تێیدا، خۆیم پێ دەناسێنێ و دەمنووسێتەوە. بەم مانایە شیعر لای من رایەڵێکی هارمۆنێکی و یەکەیەکی بە مۆسیقا تانوپۆ چنراوە. پێشتر لە دیدارێکی کۆواری رامان دا لەسەر ئەم بابەتە قسەم کردووە و رەنگە پێویست نەبێ لە ئێستاشدا بگەڕێمەوە سەری. ئەوەی بەلامەوە گرینگ بێت لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە رەنگە گەڕان بە دوای ئەو جیاکارییەدا لە نێوان کۆمەڵە شیعرێک و کۆمەڵە شیعرێکی ترمدا زەحمەت بێت، بەڵکو دەکرێت ئاسانتر ئەو جیاکارییە لە نێوان شیعرێک و شیعرێکی تری هەمان کۆمەڵە شیعردا بدۆزرێتەوە. بۆ نموونە دەکرێت لەم رووەوە سەرنج لە هەردوو قەسیدەکانی "وژەی باڵی با" و "شەڕ و ئاشتی" نێو هەمان کۆمەڵە شیعری "پەیکەرێک لە باران" بدرێت.

* ئەو هۆکارانە چی بوون کە وەهایان کرد "دڵشاد عەبدوڵا" پێشەکی بۆ کۆشیعرەکەتان «مەبەستم لە ماڵێک لە ناو زەریا... ماڵێک لە تەنیشت بیابان»ە، بنووسێت، لە کاتێکدا خۆتان لە لایەنی رۆشنبیرییشەوە پەکتان ناکەوێ؟

– ئەوە حەزێکی خۆمە کە پێم خۆشە کەسێکی تر لە دەرەوەی شاعیر خۆیەوە قسە لەسەر شیعر و ئەزموونی ئەو شاعیرە بکات، بە تایبەتی گەر ئەو کەسە لە سەرەتاوە جۆرە ئاشنایەتییەکی بە دەسپێکردن و یەکەمین هەنگاوەکانی ئەزموونی شاعیرەکە هەبێت. دڵشاد عەبدوڵا بۆ من یەکێکە لەو کەسانە، بە تایبەتی ئەو کاتەی سەرنووسەری کۆواری "سبەی" بوو، یەکەمین شیعری بەندەی کە بە ناوونیشانی "پەیکەرێک لە باران" بوو، لە دوای راپەڕین لەو کۆوارەدا چاپ کرد، هەر بەهۆی هەمان شیعرەوە لەگەڵ هاشم سەراج و هەندێک لە برادەرانی تری کۆوارەکە و چەند نووسەرێکی هەولێریی هاوتەمەنی خۆم یەکترمان ناسی. دڵشاد عەبدوڵا یەکێک بوو لەو کەسانەی هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری شیعری من بوو، کارەکانمی دەخوێندەوە و بە گرینگی پێدانەوە قسەی لەسەر دەکرد. کاتێک کۆمەڵە شیعری "پەیکەرێک لە باران"م لە ساڵی ١٩٩٢دا چاپ کرد، حەزم کرد چەند دێرێکم بۆ پیشەکی نامیلکەکە و دواتریش بۆ "ماڵێک لە ناو زەریا ماڵێک لە تەنیشت بیابان" بۆ بنووسێت. کە "تەیرەکانی ئیسماعیل"یشم چاپ کرد، بە هەمان شێوە رێبین هەردی کە موتابەعەیەکی چڕوپڕی بۆ شیعری دوای راپەڕین هەیە، رووم لێنا و پەیڤێکی وەک پێشەکیی بۆ نووسی.

* کەسانێک هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتەیەکی تر: تەنیا دەڵێن "ئەم دەقە جوانە"، "ئەم دەقە ناشیرینە"، بە بێ ئەوەی جارێک بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– قسەکردنی قووڵ و جیدیی لەسەر هەر دەقێکی ئەدەبی و خوێندنەوەی، ئامادەگی و لەسەروەستان و لە خۆڕابینین و رۆشنبیرییەکی قووڵی دەوێت. خۆت دەزانیت ئاستەکانی قسەکردن لەسەر کارێکی ئەدەبی جۆراوجۆرن و لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر و لە رەخنەگرێکەوە بۆ رەخنەگرێکی تر و لە رەخنەگرەوە بۆ خوێنەرێک دەگۆڕێن و بەو پێیە گوتن و نووسینەکان لەسەر دەق لە یەک ئاستدا نابن. لە راستیدا ئەم پرسیارەی ئێوە هەمدیس دەمانخاتەوە بەردەم ئەو پرسیارە دێرین و زۆرگوتراوەی دنیای نووسینی کوردی کە ئایا ئێمە خاوەنی رەخنەین و ئەو بزاڤە رەخنەییەمان هەیە کە ئیشی جیدی لەسەر دەق بکات و بیخوێنێتەوە... ئیشکالییەتەکە لای من ئەوە نییە کە لە دنیای ئێمەدا بەشێوەیەکی راگوزەریی بە دەقی جوان دەگوترێت جوان و بە ناشیرین دەگوترێت ناشیرین کە رەنگە

ئەمـەیان جـۆرە رەوایەتیـیـەکی هەبێت کـە لانی کـەم دەرەنجـامـی سـەرسـامـبـوونێکی ساتەوەختـییـانەی خوێنەرێکە بە دەقێکی دیاریکراو، بەڵکو گرفتەکە زیاتر ئەوەیە کە لە بەشێکی زۆری رەخنەی ئێمەدا دەقی ناشـیرین بە جوان پیشـان دەدرێت و وەک دەقێکی داهێنەرانە لەسەری دەنووسرێت و ئەرگومێنتی بۆ دەهێنرێتەوە و تیۆریزە دەکرێت و قسەی بیریاران و فەیلەسووفانی تێهەڵکێش دەکرێت. کەم نین ئەو دەقە لاواز و کەمخوێن و بێ ئاسـۆیانەی کـە لای رەخنەی ئێـمـە بوونەتە بابەت بۆ قسـە لەسـەرکـردن و پیـاهەڵدان و پڕکردنەوەی لاپەڕەی رۆژنامە و کۆوارەکان... رەخنەی ئێمە زۆر کەم بەلای تێکستی جواندا چووە و دەچێ... زۆر جار من ئەو کۆمێنتانەم پێ باشترە کە خوێنەران لە ماڵپەڕەکاندا لەسەر ئەو دەقە ئەدەبییانە کە دەیخوێننەوە، دەینووسن. دەقی جوان لای ئێمە لە ئێستایدا دەبێ چ گرینگییەک بە هەراوزەنای ناوەندە ئەدەبییەکە نەدا و پارێزگاری بە بوونی خۆی و دنیـای جـیـاوازی خـۆیەوە بکات و بەبێ گـوێدانە پێـوەندی و هـاوپەیمانیـیـە سـەیر و جاڵجاڵۆکەییە نائەدەبییەکان، درێژە بەکاری خۆی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا من بەشبەحاڵی خـۆم زۆر رەشـبین نیم و هەست دەکـەم تروسکەیەک لە هەوڵی جـیـدی رەخنەیی هـەیە و جاروبار لێرە و لەوێ لە نێوەندی ئەو قەرەباڵخییەدا بەئاستەم پرشنگ دەدەن.

* کـەنگێ دەتوانین بڵـێین ئەم ئەدەبە "زارەکـییـە" و ئەوی تر بە نووسـراو کـراو"ە؟ هـاوکـات ئەو رەخنەیە "بنیـاتنەر"ە و ئەوی تر "روخـێنەر"ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسـەنگاندنانە لە چییەوە سـەرچاوەیان گـرتووە و کـەنگێ و بۆچی دەتوانین ئەم پرسـیار و پێودانگانە دەرببـڕین؟ ئەگەر پێویسـتیش نییە باسـیـان لێوە بکەین هۆکارەکان کامانەن؟

– ناوەندی رۆشنبیری ئێمە بەتایبەتی بواری لێتوێژینەوە و رەخنەی تەقلیدی لە دەمێک ساڵەوە کێشـەی گەورەی لەگەڵ ناو و ناوناندا هەیە و شـەڕی زۆری لەو پێناوەدا کردووە و چەندین نووسین و هـەوڵی رەخنەیی تا رادەیەک جـیـدیشی لە بەرایی رسکانیـانـدا پێ ناشیرین کردوون، زۆربەی زۆری ئەو چەمکانەش لای ئێمە لە ئایدۆلۆجیا و شانەکانی حزب و بواری ئیشکردنی سیاسییەوە بۆ نێو ئەدەب گواستراوەتەوە. خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دوایی و دوابەدوای ئەو زنجیرە گۆڕانکارییە ریشەییانەی کە لە دنیادا روویان داوە، زۆر لەو ناو و ناولێنانە سەیر و سەمەرانەش خەریکە لە بواری رەخنە و لێکدانەوەی دەقدا کەم دەبنەوە و ئیشێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێ مەگەر لە فەرهەنگی هەندێک کەس و لە

بەشێک لە سیستمی خوێندنی ئەدەبیاتدا مابن کە چەندین ساڵە وەک خۆیانن و دەسکاری نەکراون.

* ئەو ڕێگەیانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان "نووسەر وەرگر"؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنین لە فیکری خوێنەردا تا تێکەڵبوون و هاوەستییەکی رەگئاژۆیی بخوڵقێ، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟

- دلاوەر قەرەداغی: نووسەر و خوێنەر لە کارێکی ئەدەبیدا دوو جەمسەری کارێکی داهێنەرانەن و یەکتر تەواو دەکەن.... نازانم ئەو ڕێگەیانە کامانەن کە دەبن بە پردی نێوان نووسەر و وەرگر، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە ئایا نووسەر چ دەداتە وەرگر بۆ خوێندنەوە، چ فەزایەکی بۆ فەراهەم دەکا تا خوێنەر تێیدا بکەوێتە پراکتیزەکردنی ئازادانەی بەرهەمهێنانەوەی مانا و بیری پێ بکاتەوە و تا سەر ئێسقان رایچڵەکینێ و گۆمی دڵنیاییەکانی بشڵەقێنێ. نووسەر لە ڕێی نووسینەکەیەوە چ زەمینەیەک بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ تا قەناعەتەکانی پێ لەق بکا و بیخاتە بەردەم چێژ و نۆرم و ڕوانینێکەوە جیاواز لە چێژی باو لە نۆرمی باو و لە ڕوانینی باو. لەم پێوەندییەدا نووسەر ئاوێنەیەک ناداتە خوێنەر تا تەماشای خۆی پێ بکات و خوێنەریش چاوەڕێی ئەوە لە کتێبێک ناکات کە خۆی تێدا ببینێ و چێژ لەو شتانە ببینێت کە وا ڕاهاتووە چێژیان لێ ببینێت، بەڵکو دەکەوێتە بەردەم کارێکەوە کە بە بینینێکی نوێی ڕوخساری خۆی و بە بیرکردنەوە و چێژ و فەزاگەلی نوێ ئاشنای دەکات.

* لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ریشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزموونکراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کورددا بووە؟

- ئەگەر مەبەستتان لە پرسیارەکەتان جیاوازیی نێوان دوو جۆر ئیشکردن بێت بە زمان لە شیعردا، ئەوا دەبێ بڵێم کە بەپێی ئەزموونی کەمی خوێندنەوەم بۆ شیعر، من بۆ خۆم زیاتر ئەو شیعرانە لەگەڵ پیاسەی خۆیاندا دەمبەن و سەرنجم ڕادەکێشن کە گەمەکردنی هەوانتە بە زمان، لە خۆڕا و بە دەستی ئەنقەست هەوڵی تێکشکاندنی زمانیان تێدا

نەدراوە.... شــیـعــر هەیە بە زمـانێکی ئاسـایی و رۆژانە نووســراوە و دوورە لە هەر گــەمــەیەکی زمـانەوانی، بەڵام شتگەلێک لە روانینی ئاسایی و باوی ئێمەی بۆ دنیـا تێدا تێکوپێک شکێنراوە .... پێموایە ئیشی شیعر بەر لە هەوڵی تێکوپێکشکاندنی زمـان، تێکوپێکشکاندنی روانینی باو بۆ ژیان و وردوخـــاشکردنی شـــووشـــەی ئەو ئاوێنانەیە کـــە راهاتووین خـۆمـان و دنیایان تێدا ببینین. راسـتـیـەکـەی گومانم هەیە کە ئەم ئەزموونەی شیعرنووسین تایبەت بە یەک نەتەوە و کولتوور بێت و لەوەش زیاتر پێ دادەگرم کە تایبەت ئەزمــوونێکی ئەوروپی بێت.... ئەدەبیـاتی دنیـا بەتـایبـەتی شـیـعـری کۆمـەڵگە ئەفریقیـەکان و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسـیـا لێـوانلێـون لەو نموونە شـیـعـرییـانە. سـەبارەت بە تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتن لە کولتوور و دنیای یەکتری و رەوایی ئەو پرۆسـەیە، وابزانم لەسـەر ئەم چەمکە بەتایبـەتی لەدوای راپەڕینەوە قســـە و باسـێکی زۆر کــراوە و رەنگە قسەکردنی ئێمەیش لێرەدا هەر دووبارەکردنەوەی ئەو را و دیدگایانە بێت.

**چ شتێک نییە کە پێشوەخت بڕیاربێ دەقێک بکاتە دەقێکی ئیبداعی. گرینگ ئەوە نییە شاعیر چی دەکاتە شیعر، بەڵکو گرەوەکە لەوەدایە کە چۆنیان دەکاتە شیعر**

* شیعری ئێستە، بە شێوەیەکی بەرفراوان رووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یاخۆ شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شـیـعـری پێشوو کـە گرینگیی دەدا بە خەمە کۆکان، ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستا لە بنیاتی دەقە "هاوچەرخ"ەکانەوە هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکا؟

**نووسـین، ریکلام نایکاتە نووسـینێکی ئیبداعی، نووسـینی ئیبداعی درەوشـانەوەی خۆی لە ناوەوەی خۆیدا هەڵگرتووە**

- چ شـتـێک نیـیە کـە پێشـوەخت بڕیاربێ دەقێک بکاتە دەقـێکی ئیـبداعی. گرینگ ئەوە نیـیـە شـاعیـر چی دەکـاتە شیـعر، بەڵکو گرەوەکە لەوەدایە کە چۆنیان دەکاتە شیـعر... ئێــمــە دواجــار دەقـــێکی داهێنەرانە دەخـــوێنینـەوە، ئەو

ساتەوەختە ئەزموون دەکەین کە ئێمە بە دەقەکەوە رایەڵ دەکات بە جیاوازی ئەوەی کە ئەو دەقە خەمی بچووک یان کۆی لەخۆی گرتووە. خۆ دەقی زۆر ئیبداعیش هەیە هیچ خەمێکی لەخۆ نەگرتووە بە بچووک و گەورەیەوە.

* لە ئێستادا، داهێنان و ریکلام هاوئاستن لە خستنەرووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ریکلامەی لێرەدا مەبەستمە دابەش بووە بەسەر خوێنەر و راگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکان. نووسەری ئیبداعکار بۆ ئەوەی پردێک دروست بکا بۆ بە یەکترگەیشتنی داهێنان – ریکلام، چی دەبێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

– راستە راگەیاندن لە ریکلامکردندا بۆ کارێکی ئەدەبی و بڵاوبوونەوەی لە ئاستێکی بەرفراواندا رۆڵ دەبینێ، بەڵام چ کاریگەرییەکی نییە لەوەی کە دەقێکی ناداهێنەرانە لە خوێنەر بکاتە دەقێکی داهێنەرانە... دەکرێت ئێمە لەم رووەوە راستەوخۆ بدوێین و بپرسین کامانەن ئەو نووسینە خراپانەی کە راگەیاندن یان وەک خۆت گوتەنی دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکان لە خوێنەرانیان کردبێتە دەقێکی ئیبداعی... دەکرێت کەسێک یان کەسانێک راسپێردرێن کە بەسەر نووسین یان کتێبێکی شیعری خراپدا هەڵبڵێن و بانگەشە بۆ خوێندنەوەی بکەن، بەڵام ئەو لەسەر نووسین و بانگەشانە لە هەمان ساتەوەختی چاپبوونی نووسینەکاندا، هەر لە چاپخانەکەدا بەر لە هاتنە دەرەوەیان مردار دەبنەوە. نووسین، ریکلام نایکاتە نووسینێکی ئیبداعی، نووسینی ئیبداعی درەوشانەوەی خۆی لە ناوەوەی خۆیدا هەڵگرتووە و لە دوورترین کونج و کەلەبەری دنیادا خوێنەری خۆی دەدۆزێتەوە. نووسینی ئیبداعی غەمی ئەوەی نییە کە خوێنەری زۆر دەبێت یان کەم، لە لەحزەی ئێستادا دەخوێنرێتەوە یان نا، بەڵکو بە گوڕی جیاوازی و خەیاڵی دابڕانەکانییەوە دڕ بە قەرەباڵخییەکان دەدا و بە زەمەن و چرکەساتەکاندا تێ دەپەڕێت. راستە ریکلام رۆڵ دەبینێ لە دروستکردنی بازاڕ و زووتر گەیاندنی بەرهەمەکە بە خوێنەر، بەڵام ئەوەیان شتێکە پێوەندی بە بازاڕی کتێب و ساخکردنەوەی و ئەو دەزگایەوە هەیە کە کتێبەکەی چاپ کردووە.

* دەق دەتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤ لە بەرامبەر نامۆیی و بێزاری کە دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببا؟

– ئەم پرسیارە دواجار پرسیارێکی تایبەتییە و ناتوانرێ بە شێوەیەکی رەها قسەی لەبارەوە بکرێ و لە بری خەڵکی تر وەڵام بدرێتەوە. هەرچی پێوەندی بە منەوە هەبێت ئەوا وەڵامەکەم بە نەخێرە و لە بناغەیشەوە ئەوە بە روانینێکی هەڵە دەزانم. من بۆ خۆم تا دڵم خۆش نەبێت ناتوانم بنووسم، ساتەوەختەکانی نووسین لە شادومانترین ساتەکانی تەمەنی منن. ئەو ساتانەشی کە ناتوانم بنووسم ئەو ساتانەن کە بێزار و دڵتەنگ و خەمگینم. لە بنەڕەتدا نووسین لای من خۆشاردنەوەیە لە خەمگینی و گوڵەوەچنیکردنی شادومانییە. ئەو قسەیە بەسەرچووە کە دەگوترا نووسین لە دۆخێکی خەمگیندا دەنووسرێ و دەبێ نووسەران و شاعیران بۆ ئەوەی بتوانن بنووسن دەبێ ژیانیان تاڵ بێ و نامۆ و برسی بن و ئازار بچێژن. جارێکی تریش قسەیەکی "یۆهان سباستیان باخ"ی مۆسیقاری ئەڵمانی بە نموونە دەهێنمەوە کە کاتێ هەواڵی مردنی دوو منداڵەکەی و ژنەکەی دەبیستێ، روو دەکاتە ئاسمان و دەڵێ: "خوایە لێمەگەڕێ شادومانیم لەدەست بدەم..." باخ مەبەستی لە لەدەستنەدانی شادمانیی، لەدەستچوونی ساتەوەختی داهێنان و دنیا مۆسیقاییەکەیەتی کە بووەتە بوونی و هەناسەی بۆ داهێنان و بەردەوامیی پێ دەدا. لە راستیدا هەموو هەوڵی من بۆ بەردەوامبوون لە نووسین پارێزگاریکردنە بە لەحزەکانی شادومانی و ئارامی و دڵخۆشیمەوە. لە فیلمی "بۆنی ژن"دا، ئالپاچینۆ لە زاری ئەو کەسایەتییەوە کە رۆڵەکەی دەبینێ دەڵێ: "دوو جۆرە مرۆڤ لە دنیادا هەن، یەکێکیان لە بەردەم غەم و گیروگرفتەکاندا دەمێنێتەوە و بەرگری دەکات، ئەویتریشیان لێیان رادەکات تا بەرگری لە خۆی بکات..." ئەو لەحزەی راکردنە، ساتەوەختی باوەشکردنەوەیە بۆ ژیان و گوشینییەتی تا دوایین دڵۆپ... بەم مانایە نووسین بەرگریکردنە لە بوون و لەو ساتەوەختانەی شادومانی و دڵخۆشی کە نووسەر لێیانەوە خۆی بە ژیاندا دەکات.

* رۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟

– ناکرێت هەوڵی چەند رۆشنبیرێکی کەم لە خوێندنەوەی واقیعی ئێستای کوردستان، لە هەوڵی رۆنانی هزرێکی رەخنەیی، لە رۆشنکردنەوەی شتێک لەو تاریکییە زۆرەی کە گەمارۆی دنیای ئێمەی وەک تاک و وەک کۆمەڵگە داوە، لە هەوڵدان بۆ لێدان و لێکبەرهەڵوەشاندنی هەندێک نۆرم و بەها کە تا چەند ساڵێک لەوەوبەر دەست لێدانیان

جۆرێک بوو لە ریسک و بە تابوری پێنج تاوانبارکردن و لە دروستکردنی جۆرێک گوشار، نادیدە بگیرێت. ئەوەیان بابەتێکی ترە کە کاتێک ئەو جۆرە خوێندنەوانە بە مەبەستی دروستکردنی شتێک لە گۆڕانکاری "نەک گۆڕینی ئەوەی پێی دەگوترێت واقیع" بەر دیواری میکانیزمی بەڕێوەبردن و کولتوور و ئەو قۆناغە دەکەون کە کۆمەڵگەی کوردی تێدایە، چۆن و بە چ جۆرێک رووبەڕووی نائومێدی دەبنەوە... لەڕاستیدا گۆڕانکاریی ریشەیی پرۆسەیەکی سەخت و دوورودرێژ و هەمەلایەنە و سەراپاگیرە کە کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی مۆدێرنتر دەگوازێتەوە، رۆشنبیر تەنیا لایەنێکی هاوکێشە و ململانێکەیە، دەنگێکی ناڕازیی رەخنەیی و گوشارهێنەرە... کاری رۆشنبیر گۆڕینی واقیع نییە و ئەرکێکی ئاوهاشی لە توانادا نییە، بەڵکو کاری رۆشنبیر خوێندنەوەی واقیع و قەیرانەکان و رەخنەگرتن و رەخساندنی زەمینەی گۆڕانکارییە.

* لە نێو "رۆشنبیر"انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییيان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەکوو "رۆشنبیری گەورەی کورد" دەناسێنن؟

– بە داخەوە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لە بارەی ئەو گرووپانەوە نییە و ناتوانم چ شتێکیان لە بارەوە بڵێم.... رەنگە دوور بە دوور ناوم بەرگوێ کەوتبێت، بەڵام نەبوونەتە جێگەی گرینگی پێدانم، ئەمەش لەبەرئەوەی رام وایە گەر کەسێک رۆشنبیر بێت ناچێتە ناو گرووپەوە و کەسی داهێنەر لە گرووپ و پۆلدا جێی نابێتەوە. سەبارەت بە هاوڕێیانی کۆواری رەهەند کە بە داخەوە هەندێک کەس بە گرووپ ناویان دەبات، پێمواية رەهەند گرووپ نییە و بانگەشەی گرووپ بوونیشی نەکردووە، بەڵکو رەهەند یەکێکە لە پرۆژە رۆشنبیرییە جیدییەکانی دنیای رەخنە و رووناکبیریی ئێمە. رەهەند بڵێ چی کە هەندێک کەس بۆ خۆبردنە پێشەوە و رایی کردنی کاروبارەکانیان، خۆیان وەک گرووپی رەهەند و سەر بە گرووپی رەهەند دەناسێنن. سەبارەت بە مەسەلەی ناساندنی کەسێکیش وەک رۆشنبیری گەورە، پێمواية ئەویش یەکێکی ترە لە ناونانە سەیروسەمەرەکانی تری نێوەندی ئەدەبی و رۆشنبیریمان کە ئەمیش رەگی هەر لە کولتوور و سیاسەت و لەو "من"ە چۆڵ و لاوازەدایە کە بێ بت و سەنەم توانای ژیان و هەناسەدانی نییە، ئەگینا شتێک نییە ناوی رۆشنبیری گەورە و رۆشنبیری بچووک بێت.